# خۆپیشاندان له بێرلین پێتەختی ئاڵمان

رۆژی دووشەممە 2009/12/7 ڕێکەوتی 16 سەرماوەزی 1388ی هەتاوی، لە شاری بێرلین پێتەختی ئاڵمان، لە دوو شوێنی جیاواز، ئێرانییەکانی دانیشتووی ئەو شارە خۆپیشاندان و ڕێپێوانیان بە بونەی 16 سەرماوەز رۆژی خوێندکار لە ئێران بەرێوە برد. لەو کۆبوونەوانەدا کە ئێرانییە سێکۆلارەکانی لاینگری ئازادی و دیمۆکراسی و ڕێکخراوی لاوانی ئێرانی لەو شارە ڕێکیان خستبوو، تراکت و ڕاگەیاندنی هاوبەشی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادی کوردستان، لەلایەن ئەندامان ولایەنگرانی کۆمەڵە لە شاری بێرلین، لە نێو خۆپێشاندەراندا بڵاو کرایەوە.

ئەمادە کردنی هەواڵ: فوئاد مەحموودی













**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- ئاڵمان**

2009/12/7 بێرلین